## با هەمومان دژ بە تێروریزمی دەوڵەتی دژ بە نەتەوەکەمان ڕاوەستین

Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

زیاتر لە 85 ساڵە دەسەڵاتدارانی تورک بە شێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو تێروری دەوڵەتی دژ بە گەلی کورد پەیرەو دەکەن و دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە هەشتاکان بەم لاوە ئەو تێرورە پێی نایە قۆناغێکی نوێ و بە ئاشکرا و بە بەر چاو هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە گەلی کورد تێرور ئەکرێ، و بە دەیان هەزار کەس بونەتە قوربانی ئەو بیرە کۆنەپەرەستانەیە و بە سەدان مرۆڤی ڕوناکبیر، نوسەر، هۆزانڤان، چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی و هۆنەری تەنیا لەبەر کورد بوون تێرور کراون.

بە جاران تاوانباران و تێروریستەکان لە لایەن گەلی کورد و خەباتکارانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە ناسراون، بەڵام قەت لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ نەکراوە، دیارە هۆی چاوپۆشی لێکردنی تاوانباران ئەوەیە کە سیستم و دەسەڵاتی سیاسی، ئابوری و سەربازی و هەموو دەسەڵاتدارنی دەوڵەتی دارێژەرانی ئەو تیرۆرەن.

15 شوباتی ساڵی 1998 نمونەیەکی دیکەی تێروریزمی دەوڵەت و دەسەڵاتدارنی تورکێیە کە لەو ڕۆژە دا بە شێوەیەکی نامرۆڤانە بەڕێز عەبدوڵا ئوجەلانیان لە وەڵاتی کێنیا ڕفاند و هەوڵی ئەوەیان دا کە شەڕی کورد و تورک دروست بکەن و ئیرادەی نەتەوەیی و خەباتی گەلی کورد لاواز و بێ هیوا بکەن.

هاوکات کە ئێمە هەموو ئەو کەس و لایەنانەی لەو تاوانە دا بەشدار بوون مەحکوم دەکەین، ڕێز لە هەموو ئەو شەو و ڕۆژانە ئەگرین کە بەڕێز ئۆجەلان لە پێناو ماف و ئازادی نەتەوەکەیدا لە تەنیایی و لە ژێر شکنجەی جۆار و جۆر دا بەسەری دەبات.

هەر لێرەوە دەنگی خۆمان ئەخەینە پاڵ دەنگی ئەو خەباتکارە بە بیر و ژیرانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەوە بانگەوازیان کردووە کە ئەم ڕۆژە ببێتە ڕۆژی بەربەرەکانێ دژ بە تێروریزمی دەوڵەتی و داواکارین لە هەموو لایەک کە دەنگی خۆیان تێکەڵ بەو دەنگە شارستانی و پێشکەوتنخۆازنانە بکەن و تێروریزمی بەرنامە بۆ دارێژراوی دەوڵەتی دژ بە گەلی کورد ڕیسوا و محکوم بکەین.

تکایە ناوی خۆت بەم ئیمایلە دا بەڕێ بکە.

naburfandn@hotmail.com

کومیتەی 15 ی شوبات بۆ ڕۆژی دژ بە تێروریزمی دەوڵەتی